المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# کاریگەری تیۆری درکپێکردن و پۆلێنناسی بلۆم لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێربون و فێرکردن

م. هەوار عومەر فەقێ ئەمین
خوێندکاری دکتۆرا لە کۆلیژی زمان
Hawar.faqe@univsul.edu.iq

پ.ی.د. ناز ئەحمەد سەعید
ڕاهێنەر لە وەزارەتی پەروەردە
naz.saeed@univsul.edu.iq

پوختە
ئەم توێژینەوەیە باسی کاریگەری دوو تیۆری بنەڕەتی پەروەردە دەکات، کە بریتین لە تیۆری درکپێکردن و پۆلێنناسی بلۆم، بە مەبەستی تێگەیشتن لەوەی، کە چۆن تیۆری درکپێکردن، بە تایبەتی تیۆری فێربونی فرەڕەهەندی مایەر، پرۆسەی فێربون وەک دیاردەیەکی دەرونی ناساندووەو سنوری تواناى مێشک لە پرۆسێسکردنی زانیاری دەخاتەڕوو. لە لایەکی ترەوە، لە مۆدێلی سەرەتاکەی (١٩٥٦) بۆ پێداچونەوەکراوەی (٢٠٠١)، چوارچێوەیەکی ڕیزبەندکراو بۆ ئامانجەکانی فێربون دابینەدکات لە بیرهاتنەوەوە بۆ دروستکردن، توێژینەوەکە دەریدەخات کە تێکەڵکردنی ئەم دوو تیۆرییە چۆن دەتوانێت یارمەتی مامۆستایان بدات بۆ دیزاینی فێرکارییەکان بەشێوەیەک، کە هاوکات بگونجێت لەگەڵ میکانیزمی مێشک و ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئەنجامی باشتر لە پرۆسەی پەروەردەدا.
کلیلە وشە: تیۆری درکپێکردن، پۆلێنناسی بلۆم، فێربونی فرەڕەهەندی، ئامانجی پەروەردەیی، زانستی زمانی پەروەردە، پرۆسێسکردنی زانیاری.

## تأثير نظرية المعرفة وتصنيف بلوم في تطوير عملية التعلم والتعليم

**الملخص**
تتناول هذه الدراسة تأثير نظريتين أساسيتين في التربية، هما نظرية المعرفة (Cognitivism) وتصنيف بلوم، بهدف فهم كيفية تعريف نظرية المعرفة — ولا سيما نظرية التعلم المتعدد الوسائط لماير — لعملية التعلم باعتبارها ظاهرة نفسية داخلية، وكشف حدود طاقة الدماغ في معالجة المعلومات. ومن جهة أخرى، يقدم تصنيف بلوم — من نموذجه الأصلي (١٩٥٦) إلى نسخته المحدثة (٢٠٠١) — إطارا هرميا منظما لأهداف التعلم، يمتد من التذكر إلى الإبداع. وتخلص الدراسة إلى أن دمج هاتين النظريتين يمكن المعلمين من تصميم أنشطة تعليمية تتوافق في آن واحد مع آليات عمل الدماغ ومستوى الفهم لدى المتعلم، مما يسهم في تحقيق نتائج أفضل في العملية التربوية.
**الكلمات المفتاحية :**نظرية المعرفة، تصنيف بلوم، التعلم المتعدد الوسائط، الأهداف التربوية، علم اللغة التربوي، معالجة المعلومات.

# The Impact of Cognitivism Theory and Bloom's Taxonomy on the Development of the Teaching and Learning Process


## Abstract

This study examines the impact of two foundational educational theories — Cognitivism and Bloom's Taxonomy — with the aim of understanding how Cognitivism, particularly Mayer's Cognitive Theory of Multimedia Learning, conceptualises the learning process as an internal psychological phenomenon and reveals the limits of the brain's capacity for information processing. Bloom's Taxonomy, from its original model (1956) to its revised version (2001), provides a structured hierarchical framework for learning objectives, ranging from remembering to creating. The study concludes that integrating these two theories enables educators to design instructional activities that simultaneously align with the brain's cognitive mechanisms and the learner's level of comprehension, thereby contributing to improved outcomes in the educational process.


**Keywords:** Cognitivism, Bloom's Taxonomy, Multimedia Learning, Educational Objectives, Educational Linguistics, Information Processing.

پێشەکی:

توێژینەوەکە باسی گرنگی تێگەیشتن لە فێربوندا دەکات، تەرکیز دەخاتەسەر دو تیۆری بنەڕەتی، کە دەبنە بناغەی سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخ.

**ناونیشانی تویزینەوە**

(کاریگەری تیۆری درکپێکردن و پۆلێنناسی بلۆم لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێربون و فێرکردندا) زانستی زمانی پەروەردە وەک بوارێکی نوێی توێژینەوە کۆمەڵێک تیۆری گرنگی پەرەپێداوە، کە پێکهاتەی پرۆسەی فێربون ڕوندەکاتەوە. لەم میانەدا دوو تیۆری بنەڕەتی گرنگ دەبن:

یەکەم: تیۆری درکپێکردن (Cognitivism) کە پێداچونەوەی بنەڕەتی دەکاتە سەر چۆنیەتی وەرگرتن، ڕێکخستن و بەکارهێنانی زانیاری لە ئاوەزی مرۆڤدا. لەم ڕوانگەیەوە فێرخواز وەک بەشداربویەکی چالاک لە پرۆسەی فێربوندا سەیردەکرێت.

دووەم: پۆلێنناسی بلۆم (Bloom's Taxonomy) کە سیستەمێکی پلەبەندی بۆ ئاستەکانی درکپێکردن و فێربون دابیندەکات. ئەم پۆلێنکردنە بەشێوەی هەرەمێک لە ئاستی بنەڕەتی (بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) بۆ ئاستی بەرز (شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) دەڕوات.

ئەم دوو تیۆرە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر شێوازی داڕشتنی کتێبی خوێندن، ستراتیژیی فێرکاری و پرۆگرامی خوێندن هەیە. بەڵام بەپێی توێژینەوەکان کاریگەری تەواوی ئەمانە لە ژینگەی پەروەردەیی کوردی بەشێوەی زانستی نەکراوەتەئاراو.

**کێشەی توێژینەوە**

چۆن دەکرێت تێکەڵکردنی تیۆری درکپێکردن (وەک تیۆری فێربونی فرەڕەهەندی) لەگەڵ پۆلێنناسی بلۆم ببێتەهۆی باشترکردنی پرۆسەی فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و خەزنکردنی زانیاری لای فێرخواز؟

**گرنگی توێژینەوەکە**

- پرکردنەوەی بۆشایی زانستی لە بواری کاربەستی ئەم دوو تیۆرە لە پەروەردەی کوردیدا
- خزمەتکردنی مامۆستایان و دامەزرێنەرانی پرۆگرامی خوێندن
- پارمەتیدان بۆ باشترکردنی ئەرکی فێرکاری لەسەر بنەمای زانستی
- دروستکردنی چوارچێوەیەکی کارەکی بۆ نوسینی کتێبی خوێندن بەپێی ئاستەکانی بلۆم

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئامانجی گشتی:

دەستنیشانکردنی کاریگەری تیۆری درکپێکردن و پۆلێنناسی بلۆم لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێربون و فێرکردن لە قۆناغی ناوەندی

ئامانجە تایبەتییەکان:

- ڕونکردنەوەی بنەماکانی تیۆری درکپێکردن و پەیوەندی لەگەڵ پرۆسەی فێربوندا
- شیکردنەوەی ئاستەکانی شەشگانەی پۆلێنناسی بلۆم و کاربەستی لە داڕشتنی ئامانجی فێرکارییدا
- بەراوردکردنی کاریگەریی دوو ستراتیژیی جیاواز بەپێی تیۆری درکپێکردن
- ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاریگەریی تیۆرەکان

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

- تیۆری درکپێکردن چ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسەی فێربون و فێرکردندا هەیە؟
- ئایا بەکارهێنانی ئاستەکانی پۆلێنناسی بلۆم لە داڕشتنی کتێبی خویندندا، چ کاریگەری ئەرێنی لە سەر ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان هەیە؟
- چ پەیوەندییەک لە نێوان شێوازی فێربون و ئاستەکانی درکپێکردنی بلۆم لە کتێبی خوێندنی کوردیدا هەیە؟

١/١: زانستی زمانی پەروەردە

زانستی زمانی پەروەردە، کە بە (دیداکتیک دیاریکراوە، بوارێکی فرەڕەهەندو فرەزانستییە کە ڕەگی لە زمانەوانی، دەرونزانی، کۆمەڵناسی و زانستەکانی تردا داکوتاوە، حەمەش وایکردوە بە زانستی فرە پسپۆری و فرس زانست بناسریت.)(فەقێ ئەمین، هەوار عومەر ٢٠٢٢:١١)، دیداکتیک بریتییە لە هونەرو زانستی فێربون، کە ئامانجی گواستنەوەی زانیاری بە شێوازێک کە لەگەڵ تواناى فێرخوازدا بگونجێت. گرنگترین تایبەتمەندیی دیداکتیک ئەوەیە کە ئامانجی فێربونە نەک فێرکردن، واتە پرۆسەی تاقیکردنەوە و ئەزمون، نەک تەنها وەرگرتنی زانیاری. هەر تیۆرێکی فێربون لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی بداتەوە: فێربون چۆن ڕوودەدات؟ چ هۆکارێک کاریگەریی لەسەر دەبێت؟ ڕۆڵی یادگە چییە؟ گواستنەوەی کۆزانیاری چۆن بەدیدێت؟

زانستی زمانی پەروەردە، وەک بوارێکی نوێ، پەیوەندیی نێوان زمان و پەروەردە لە سێ واتای سەرەکیدا شیکاریدەکات:[1] یەکەم، پەروەردە وەک کۆزانیاری ڕێکخراو کە لە ڕێگەی

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

سیستەمی فەرمییەوە بەرجەستەدەبێت. دووەم، پەروەردە وەک بابەتێکی سەربەخۆی زانستی، کە خۆی بەخۆیەوە بوارێکی توێژینەوەو خوێندنەوەیە. سێیەم، پەروەردە وەک پرۆسەیەکی بەردەوام و فرەڕەهەند، کە ئەمە قوڵترین و فراوانترین تێگەیشتنەکەیە.

٢/١: تیۆرەکانی پەیوەست بە پرۆسەی فێربون

٢/١-١: تیۆری درکپێکردن و کاریگەرییەکەی لە پرۆسەی فێربوندا

لە کۆتاییەکانی (١٩٥٠)ەوە، گۆرانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری تیۆریی فێربوندا دروستبو، کاتێک توێژەران دەستیانکرد بە ڕەتکردنەوەی گریمانە ڕەفتارییە کلاسیکییەکان و لە جێگەیاندا گریمانە دەروونییەکانیان خستەڕو، کە لە زانستی درکپێکردنەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئەم گۆرانکارییە قوڵە بوەهۆی ئەوەی توێژینەوەکان لە ئاڕاستەی ڕەفتارییەوە، کە تەنها سەرنجی لە پێشخستنی ئەدای فێرخواز لە ڕێگەی سیستەمی هاندەرەوە دەکرد، بگۆڕێت بۆ ئاڕاستەیەکی درکپێکردن کە جەختی لە پرۆسەی زەینییەکانی تاک دەکردەوە. ئەم تێڕوانینە نوێیە توانای زیاتری هەیە بۆ ڕونکردنەوەی تایبەتمەندیی پێکهاتە دەروونییەکان، بە تایبەتی لە بوارەکانی چارەسەرکردنی کێشەو پرۆسێسکردنی زانیارییدا.

تیۆری درکپێکردن چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە ڕوانگەی ڕەفتارییەکان: (فەقێ ئەمین، هەوار عومەر ٢٠٢٥:٢٦)

یەکەم: جەخت لە سەر بەدەستهێنانی کۆزانیاری و پێکهاتە زەینییە ناوەکییەکان دەکاتەوە.

دووەم: تێگەیشتن لە فێربون وەک گۆڕانکاری لە حاڵەتەکانی کۆزانیاریدا دەبینێت، نەک تەنها گۆڕان لە ئەگەری وەڵامدانەوەدا، کە سەرنجدەخەنەسەر چەمکسازی پرۆسەکانی فێربونی فێرخوازان.

سێیەم: توێژینەوە لە چۆنیەتی وەرگرتن، ڕێکخستن، هەڵگرتن و بەکارهێنانەوەی زانیارییەکان لە ئاوەزدا.

بەمشێوەیە تیۆرییەکە بایەخدەدات، بەوەی، کە فێرخواز چی دەزانن؟ و چۆن زانیاری بەدەستدەهێنن؟، نەک تەنها چی دەکەن؟

لەم چوارچێوەیەدا فێرخواز وەک بەشداربویەکی زۆر چالاک لە پرۆسەی فێربوندا سەیردەکرێت، کە زانیارییەکانی خۆی بنیاتدەنێت لە ڕێگەی قۆناغێکی دیاریکراودا. ئەم پرۆسەیە دەستپێدەکات بە وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕێگەی نوسین و وێنەوە، پاشان قۆناغی ڕێکخستن و خەزنکردن لە یادگەدا دێت و لە کۆتاییدا زانیارییەکان دوبارە بەکاردەهێنرێنەوە، ( Piagetلەم بارەیەوە گۆران لە تاک وەک قۆناغێکی ئاشکرای گەشەکردنی کۆزانیاری دەزانێت، کە بەپێی تەمەن زانیارییەکان دەگۆڕێت و فراوان دەبێت.) developmentalcognitivescience.org ، بەمەش تیۆری درکپێکردن بایەخ بە سیستەمی تاک لە درککردن، هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان، شیکردنەوەی بارودۆخ و چارەسەری کێشەدا دەدات.

تیۆری درککردن لە چوارچێوەی فێربوندا لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی دامەزراوە، کە بریتین لە: A. Ertmer & Timothy Newby, (2013)

١- جەختکردنەوە لە بەشداری چالاکانەی فێرخواز، کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی خودی و ڕاهێنانی میتادرکپێکردنەوەوە بەرجەستەدەبێت، بە نمونە پلاندانانی خودی و چاودێریکردنی تەکنیکەکان.

٢- بەکارهێنانی شیکارییە پلەبەندییەکان بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییە پێشمەرجەکان.

٣- جەختکردنەوە لە پێکهاتەکردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان لە ڕێگەی ستراتیژییەکانی درکپێکردن وەک هێڵکاری و پوختەکردن.

٤- ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو، کە دەرفەت بە فێرخواز دەدات، پەیوەندی لەگەڵ زانیارییە پێشوەکانی دروستبکات.

بەپێی ئەم بنەمانە، ڕۆڵی مامۆستا لەم تیۆرەیەدا ئەرکێکی سەرەکی دەگێڕێت. مامۆستا کاریگەرترین شێواز بۆ داڕشتنی زانیاری نوێ دیاربکات، پراکتیک لەگەڵ فیدباک ڕێکبخات، فێرخواز لە بنیاتنانی واتا ڕێنمایی بکات و ئەزمونەکان بۆ ئەوە دیزاینبکات، کە زەمینەیەکی ڕەسەن و پەیوەندیدار ئەزمونبکرێت.

١/٢-٢: تیۆری درکپێکردنی فێربونی فرەڕەهەندی

تیۆری فێربونی فرەڕەهەندی Mayer لە نوێترین و کاریگەرترین تیۆرییەکانی بواری درکپێکردن و فێربوندا دادەنرێت. بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرەیە لەوەوە دێت کە فێربونی قوڵ کاتێک بەدەستدێت کە زانیارییە نوێیەکان بە شێوازێکی تەواوکار لە ڕێگەی هاوکاتی وشەو وێنەوە پێشکەش بکرێن، نەک تەنها پشتبەستن بە یەکێکیانەوە. ئەم تیۆرەیە جەوهەرەکەی لە تێگەیشتنێکی قوڵەوە بۆ چۆنیەتی کارکردنی ئاوەزی مرۆڤ وەردەگرێت و ڕونیدەکاتەوە کە بۆچی زۆربەی خەڵک لە ڕێگەی تێکەڵکردنی وێنەو ڤیدیۆ لەگەڵ وشەکاندا باشتر فێردەبن.

بەپێی ئەم تیۆرەیە، مێشکی مرۆڤ زانیارییەکان لە ڕێگەی دو کەناڵی سەرەکییەوە وەردەگرێت و پرۆسێسیاندەکات. کەناڵی یەکەم تایبەتە بە مادده بینراوەکان وەک وێنە، ڤیدیۆ، هێڵکاری و وشەی چاپکراو، لە کاتێکدا کەناڵی دوەم تایبەتە بە مادده بیستراوەکان وەک وشەی قسەکراو، گێڕانەوە، دەنگە زارەکییەکان. هەر کەناڵێک بە جیا لە ئەوی تری پرۆسێسدەکرێت و سنوری دیاریکراوی هەیە بۆ بڕی زانیارییەک، کە دەتوانێت لە یادگەدا هەڵبگرێت. ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە بۆچی بەکارهێنانی کەناڵی جیاواز لە فێربوندا کاریگەرتر لە پشتبەستن بە کەناڵێکی تەنهاوە.

پرۆسەی فێربون بەپێی ئەم تیۆرە لە ڕێگەی سێ جۆری یادگەدا تێدەپەڕێت: (فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، ٢٠٢٢:٣٥)

لە قۆناغی یەکەمدا، زانیارییەکان لە یادگەی هەستیدا وەردەگیرێن بۆ ساتێکی زۆر کورت، کەناڵی بینراو وێنەی پێشکەشکراو بە تەواوی دەگرێت و کەناڵی بیستراو وشەی قسەکراوەکان بە تەواوی وەردەگرێت.

لە قۆناغی دوەمدا، زانیارییەکان دەچنە یادگەی کارکردن، کە لەوێ فێرخواز دەبێت دەستبکات بە کارکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی وەریگرتوە. لە یادگەی کارکردندا، فێرخواز وێنەی پەیوەندیدارو وشەی پەیوەندیدار هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لەبیرینەکات و کاریانپێبکات. هەریەکێک لەم کۆمەڵە زانیاریانە ڕێکدەخرێن بۆ دروستکردنی مۆدێلێک، کە یارمەتی فێرخواز دەدات لە زانیارییەکان تێبگات و لەبیرینەکات. ئەمەش بەو واتایەیە، کە فێرخواز دەتوانێت مۆدێلی بینراو و مۆدێلی بیستراو بە جیا دروستبکات، پاشان هەردوکیان لەگەڵ یەکتری تێکەڵدەکات.


لە قۆناغی سێیەمدا، زانیارییە نوێیەکان لەگەڵ زانیاری و ئەزمونەکانی پێشودا تێکەڵدەکرێن، کاتێک هەمو بابەتەکان بەشێوەیەکی کارا کۆکرانەوە، زانیارییە نوێیەکان دەچێتەناو یادگەی درێژخایەنەوە و لەوێ جێگیردەبێت.

تیۆرەکە کاریگەریی فێربونی فرەڕەهەندی لە سێ هۆکارەوە شیدەکاتەوە. https://www.mheducation.ca/blog/richard-mayers-cognitive-theory of-multimedia-learning

١- بەکارهێنانی دو کەناڵی جیاواز دەرفەتی زیاتر بۆ تێگەیشتن دەڕەخسێنێت، چونکە ئاوەز لە هەر کەناڵێکدا بە جیا کاردەکات و ئەمەش بار لە سەر یادگەی کارکردن کەمدەکاتەوە.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

٢- دروستکردنی چەندین مۆدێلی جیاواز لە ئاوەزی مرۆڤدا یارمەتی تێگەیشتنی قوڵتر دەدات، چونکە فێرخواز دەتوانێت بابەتەکە لەچەندین ڕووەوە تێبگات.
٣- تێکەڵکردنی زانیارییە نوێیەکان لەگەڵ ئەزمونی پێشودا، دەبێتەهۆی فێربونێکی بەردەوام و واتادار، کە لە یادگەی درێژخایەندا جێگیردەبێت. وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت.




تیۆری درکپێکردنی فێربونی فرەڕەهەندی

لەکۆتاییدا، گرنگترین ئاگادارییەک کە ئەم تیۆرەیە پێیدەدات ئەوەیە کە کەرەستەی هەڵبژێردراو بۆ فێربون دەبێت گونجاو و پەیوەندیدار بێت. بەکارهێنانی کەرەستەی نەگونجاو، وەک ئەنیمەیشنێکی کارتۆنی بێ‌پەیوەند بە بابەتەکەوە، دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لە پرۆسەی فێربوندا دروستبکات، بەمەش تیۆری Mayer بوەتە بناغەیەکی زانستی بۆ داڕشتنی ستراتیژییە نوێیەکانی فێرکردن لە سیستەمی پەروەردەی هاوچەرخدا.

تیۆری فێربونی فرەڕەهەندی Mayer چوارچێوەیەکی گرنگی تیۆری و پراکتیکییە لە بواری پەروەردەدا، کە سیستەمەکانی وەرگرتن و پرۆسێسکردنی زانیاری لە ئاوەزی مرۆڤدا شیدەکاتەوە. ئەم تیۆرەیە لە سەر دو گریمانەی سەرەکی دامەزراوە، کە بناغەی تێگەیشتن لە پرۆسەی فێربونی فرەڕەهەندی پێکدەهێنن:-https://www.mheducation.ca/blog/richard-mayers-cognitive-theory of-multimedia-learning

گریمانەی یەکەم گریمانەی توانای سنوردارە، کە جەختی لەوە دەکاتەوە، کە توانای مێشکی مرۆڤ بۆ وەرگرتن و پرۆسێسکردنی زانیارییەکان سنوردارە. بەپێی ئەم گریمانەیە، پێویستە فێرخواز بە وریاییەوە هەڵبژاردن بکات لە نێوان زانیارییە جیاوازەکانداو گرنگی بە زانیارییە پێویستەکان بدات. یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم گریمانەیە، کەمکردنەوەی قەبارەی دەقەکان و بەکارهێنانی وێنەی گێرانەوەیەکی ڕونی قسەکراوە، کە سادەو ئاشکرا بێت. ئەمە یارمەتیدەدات کە قورسایی لە سەر سیستەمی پرۆسێسکردنی ئاوەزی کەمبکرێتەوەو ئاوەزی مرۆڤ باشتر بتوانێت زانیارییە گرنگەکان لەبیرنەکات.

گریمانەی دوەم گریمانەی پرۆسەی چالاکەیە، کە جەخت لە گرنگی ڕۆڵی چالاکی فێرخواز لە پرۆسەی فێربوندا دەکاتەوە. بەپێی ئەم گریمانەیە، فێرخواز دەبێت بەشێوەیەکی چالاک بەشداری لە پرۆسەی فێربوندا بکات. ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وردی ئەو زانیاریانەی،

کە دەیانگوازێتەوە بۆ یادگەی کورتخایان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکەو زانیارییە نوێیەکان بەرجەستەدەبێت. واتە فێربون کاری چالاکانەی خودی فێرخوازە، نەک تەنها وەرگرتنی زانیاری بە شێوازێکی بێجوڵە.

لەم چوارچێوەیەدا Mayer پێکهاتەی پێنج پێکهاتەی سەرەکی بۆ مۆدێلی فێربون دیاریکردوە:

یەکەم پێکهاتەی پرۆسە، کە چوارچێوەیەکی ڕونکەرەوە پێشکەشدەکات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی سیستەمەکان و لە ڕێگەی نواندنی بینراو و بیستراوەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

دوەم پێکهاتەی بەراوردکاریی، کە تایبەتە بە بەراوردکردنی خاڵە هاوشێوەو جیاوازەکان لە نێوان دو بابەت، یان زیاتر، کە یارمەتی فێرخواز دەدات لە دۆزینەوەی لێکچونەکان و باشتر تێگەیشتن لە تایبەتمەندیی بابەتەکان.

سێیەم پێکهاتەی گشتاندن، کە لە ڕێگەیەوە بیرۆکە سەرەکییەکان لەگەڵ وردەکارییەکان و زانیارییە پشتیوانەکان ڕێکدەخرێن و بە شێوەی دارێکی لقدار نیشاندەدرێت.

چوارەم پێکهاتەی ژماردن، کە تایبەتە بە کۆمەڵێک بابەتی هاوشێوە، کە دەکرێت وەک لیستێک پێشکەشبکرێن و هەمو ئەندامەکانی کۆمەڵەکە لە هەمان ئاستی گرنگیدا دەمێننەوە.

پێنجەم پێکهاتەی پۆلێنکردن، کە ڕێکخستنی بابەتەکان بەشێوەی پۆل و گروپی جیاواز دەکات و بەشێوەی پلەبەندی نیشاندەدرێت و یارمەتی فێرخواز دەدات لە تێگەیشتنی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گروپە جیاوازەکان.

ئەم پێکهاتانە بەیەکەوە چوارچێوەیەکی تەواوکار پێکدەهێنن بۆ پێشکەشکردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو و کاریگەر. کۆتاییەکەدا، ئەم تیۆرەیە لە بواری پەروەردەی هاوچەرخدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕێنمایی گرنگ و کاریگەر پێشکەشدەکات بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربون و فێرکردن، یارمەتی مامۆستایان و پەروەردەکاران دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی بابەتەکان بەشێوەیەکی کاریگەرو گونجاو لەگەڵ توانای فێرخوازەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی فێربون بە قوڵی و بەردەوامی لە یادگەی درێژخایەندا جێگیر ببێت.

### ٣-٢/١: تیۆری پۆلێنناسی Bloom

پۆلێنناسی Bloom چوارچێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی گرنگە، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە لایەن Benjamin Bloom لەگەڵ هاوکارانی بڵاوکرایەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم چوارچێوەیە پۆلێنکردن و ڕێکخستنی ئاستەکانی درکپێکردن و فێربونە بەشێوەیەکی سیستەماتیک، تیۆرەکە لە شێوەی هەرەمێکدا داڕێژراوە، کە بەشێوەیەکی پلەبەندی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات و لەگەڵ بەرزبونەوە بۆ سەرەوەی هەرەمەکە، ئاستی ئاڵۆزی و قوڵی تێگەیشتن زیاددەکات. دواتر لە ساڵی ٢٠٠١دا پێداچونەوەی بۆ کراو گۆڕانکارییەک لە ڕیزبەندی ئاستەکاندا دروستبو.

گرنگی ئەم تیۆرەیە لەوەدایە، کە ڕێنیشاندەرێکی کاریگەرە بۆ داڕشتنی ئەزمونی فێربون و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ مامۆستایان و ڕاهێنەران لە دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەو زانیاریانەی، کە پێویستە فێرخوازان لە کۆرسەکەدا فێریانبێت. تیۆرەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فێربون دەبێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەو پراکتیکی فێرخوازاندا.

پۆلێنناسی Bloom لە شەش ئاستی درکپێکردن پێکدێت، کە بەشێوەی پلیکانە ناسراوە: ١-

(بن صلاح التمیمی، عبدالعزیز ٧٠-٧٢)، - sub- https://cft.vanderbilt.edu/guides-sub-pages/blooms-taxonomy

ئاستی یەکەم کۆزانیاریی: کە پەیوەندی بە چالاککردن و بیرکەوتنەوەی زانیاری و یاساو تیۆرییەکانەوە هەیەو چەندین بەشی جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک زاراوە، ڕاستی، چەمک، گشتێتی و بواری ئەبستراکت.
ئاستی دووەم تێگەیشتن: کە ئاماژەیە بۆ توانای تاک لە تێگەیشتنی ڕاستی، زانیاری، چەمک، یاساو تیۆرییەکان. لەم ئاستەدا تاک دەبێت توانای وەرگێڕان، لێکدانەوە، پێشبینیکردنی هەبێت.
ئاستی سێیەم جێبەجێکردن: کە مەبەستی لێی توانای تاکە لە بەکارهێنانی بیرو بنەماو تیۆرییەکان لە هەڵوێستی نوێداو گرنگی تایبەتی بە پراکتیزەکردنی زانیارییەکان لە دۆخی جیاواز دەدات.
ئاستی چوارەم شیکردنەوە: کە ئاماژەیە بۆ توانای تاک لە بەشبەشکردنی کۆزانیاری، یان بابەتێک بۆ پێکهێنەرە بنچینەییەکانی و دەستخستنی بیرۆکەکان. لەم ئاستەدا توانای شیکردنەوەی پێکهاتەو پەیوەندییەکان و ڕێکخستنیان گرنگە.
ئاستی پێنجەم پێکهێنان: کە توانای کۆکردنەوەو بەستنەوەی پێکهاتەو کۆزانیاری بۆ پێکهێنانی هەمو تەواوکارییەک، کە پێشتر نەبوە.
ئاستی شەشەم و بەرزترینیان هەڵسەنگاندن: کە توانای دەرکردنی بڕیار لە سەر مادە، کارو هەڵوێست بە گوێرەی مەبەستێکی دیاریکراو، لەم ئاستەدا بڕیاردان لە سەر چەندێتی و چۆنیەتی بەدیهێنانی مەبەستەکان گرنگترین کارە.
پۆلێنناسی Bloom لە سێ ئاستی بنەڕەتی (کۆزانیاری، تێگەیشتن، جێبەجێکردن) و سێ ئاستی بەرز (شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) پێکدێت. ئاستە بنەڕەتییەکان بناغەیەکی گرنگ پێکدەهێنن بۆ گەیشتن بە ئاستە بەرزەکان. تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم پۆلێنکردنەیش ئەوەیە، کە ئەگەر فێرخوازێک شارەزای ئاستێکی بەرزتر بوبێت، ئەوا بە شارەزایی لە ئاستەکانی خوارەوە دادەنرێت. هەر پۆلێک پۆلەکانی خوارەوەی خۆی لەخۆدەگرێت و ڕێکخستنی پۆلەکان لە سادەو کۆنکرێتەوە بەرەو ئاڵۆزو ئەبستراکت دەڕوات، بەمشێوەیەش فێرخوازان لە ڕێگەی هەر ئاستێکی هەرەمەکەوە بەرەو سەرەوە دەڕۆن و لە فێربونی بنەڕەتییەوە دەستپێدەکەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری قوڵتر.
کاریگەریی ئەم تیۆرەیە لە ژینگەی فێربوندا لە چەندین ڕووەوە دەردەکەوێت. یەکەم، دەرفەتی دروستکردن و بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان دەڕەخسێنێت. دووەم، چوارچێوەیەکی ڕون بۆ ڕاهێنەران و فێرخوازان دابیندەکات. سێیەم، یارمەتی دروستکردنی پلانی کاریگەر دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. ئەم تواناییانەش لە ڕێگەی پرۆسەی بیرکردنەوە وەک چالاککردن، پۆلێنکردن، هەڵسەنگاندن، بەراوردکردن و گریمانەوە پەرەدەسەنن.
١/٢-٣-١: پێداچونەوەی پۆلێنناسی Bloom و ئاستە نوێکراوەکان
لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١دا، کۆمەڵێک لە دەروناسانی درکپێکردن، تیۆریستەکانی پرۆگرام و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندن لە سەرکردایەتی Lorin Anderson و David Krathwohl پێداچونەوەیان بە پۆلێنناسی Bloom کرد. ئەم پێداچونەوەیە کتێبێکی نوێیان بڵاوکردەوە بە ناوی (پۆلێنناسییەک بۆ فێرکردن، فێربون و هەڵسەنگاند) کە تیایدا چەمکێکی دینامیکیتر خرایەڕو و جێگەی زمانی ئیستاتیکییەکانی ئامانجە پەروەردەییەکانی گرتەوە. گۆڕانکارییەکی سەرەکی ئەوە بو، کە ناوی پۆلەکان لە ناوی کۆن گۆڕدرا بۆ کردار، کە ئامانجی ڕونتری بۆ فێرخواز دابیندەکرد.

مۆدێلی نوێ لە شەش ئاستی جیاواز پێکدێت، کە هەریەکێک تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆی هەیە:-1- https://citt.ufl.edu/resources/the-learning-process/designing the-learning-experience/blooms-taxonomy 2- Bloom's Taxonomy theory, levels, examples - tools hero

ئاستی یەکەم بیرهاتنەوە: کە پەیوەندی بە کارکردنی یادگەوە هەیەو تیایدا کۆزانیاری لە یادگەی درێژخایەنەوە بەشێوەی زاراوەو وەڵام دەگوازرێتەوە. لێرەدا وەبیرهێنانەوەی زانیاری بەبێ دروستکردنی بەستەرێکی تر ئەنجامدەدرێت و دەتوانرێت چەمکە نامۆکان بەشێوەی کۆزانیاری بیرهێنانەوە، ناسینەوەو بیرکەوتنەوە هەڵبگیرێن.

ئاستی دووەم تێگەیشتن: کە ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بنیاتنانی واتا لە زانیارییە زارەکی، نوسراو، یان گرافیکییەکان لە ڕێگەی چەندین چالاکییەوە، وەک لێکدانەوە، پوختەکردن، وەرگێران، نمونەهێنانەوە، بەراوردکردن، پۆلێنکردن و ڕونکردنەوە.

ئاستی سێیەم جێبەجێکردن: کە تایبەتە بە بەکارهێنانی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، ڕاستییەکان، تەکنیک و ڕێساکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. گرنگە فێرخواز بتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان پارچەزانستەکان و دۆخی ئێستا دەستنیشانبکات.

ئاستی چوارەم شیکردنەوە: کە پەیوەندی بە پرۆسەی توێژینەوەو دابەشکردنی زانیارییەکان و دیاریکردنی هۆکارەکانەوە هەیە. ئەم ئاستە بەراوردکردن، تێگەیشتن، وێناکردن، هەڵبژاردن و پۆلێنکردن دەگرێتەوە بۆ دەرهێنانی دەرەنجامە دروستەکان، بەمشێوەیەش فێرخواز دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ڕاستییەکان و دەرئەنجامەکان.

ئاستی پێنجەم هەڵسەنگاندن: کە ئاماژەیە بۆ پێشکەشکردن و بەرگریکردن لە بۆچون بە بڕیاردان لە سەر بنەمای ڕەوایەتی زانیاری یان توێژینەوەکان. ئەمەش دەتوانێت بە شیکردنەوە، پشکنین، پرۆسێسکردنی ڕەخنە، یان فیدباک و پێشنیارکردن ئەنجامبدرێت.

ئاستی شەشەم و بەرزترینیان دروستکردن: کە پێویستی بە ڕێکخستنەوەو تێکەڵکردنی توخمەکان و گۆڕینیان بۆ شتێکی نوێ هەیە لە ڕێگەی پرۆسەی بەرهەمهێنان، پلاندانان و گەشەپێدانەوە. ئەمە قورسترین ئەرکی دەرونییە لە پۆلێنناسی پێداچونەوەی Bloom و پێویستی بە توانایەکی دەرونی بەرز هەیە. وەک لەم خشتەیەدا هەر دو مۆدێلەکە دەبینرێت:

٢-٣-٢/١: بوارەکانی پۆلێنناسی Bloom و ئاستەکانی فێربون

پۆلێنناسی Bloom لەسەر سێ توخمی سەرەکی بنیاتنراوەو بۆ پۆلێنکردنی ئامانجەکانی فێربونی پەروەردەیی بەکاردەهێنرێت، ئەم پۆلێنناسییە سێ بواری سەرەکی فێربون دیاریدەکات و هەر یەکێکی پلەبەندییەکی ڕەفتاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە پەیوەندی بەو بوارەوە دەبێت.

یەکەم بوار بواری درکپێکردنە: کە کارامەییەکانی دەوری سێ چەمکی سەرەکی دەسوڕێنەوە: ١1- https://cft.vanderbilt.edu/guides-sub-pages/blooms-taxonomy, - Bloom's Taxonomy theory, levels, examples - Tools hero, 3 https://learning-theories.com/blooms-taxonomy-bloom.html, 4 https://cognota.com/blog/what-is-blooms-taxonomy

١- کۆزانیاری: کە وەبیرهێنانەوەی ئەو زانیارییانەیە کە فێرخواز پێشتر فێریانبوە و ڕاستی، زاراوە، چەمکی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت

٢- تێگەیشتن: کە تیایدا فێرخواز لە ڕێگەی دەرخستنی بیرۆکەی سەرەکی، لێکدانەوە، وەسفکردن، وەرگرتن، ڕێکخستن و بەراوردکردنەوە دەگاتە ئاستی هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە چەمک و ڕاستییەکان.

٣- بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە: كە تیایدا فێرخواز زانیارییەكانی لە دۆخی نوێ، یان ئاشنادا بەكاردەهێنێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لە ڕێگەی بەكارهێنانی تەكنیكە بەدەستهێنراوەكان، یاساكان و ڕاستییەكان.

بواری دووەم بواری سۆزدارییە: كە تایبەتە بە كارامەییەكانی ناوچەی سۆزداری و باس لە شێوازی كاردانەوەی مرۆڤ لە ڕووی سۆزدارییەوە دەكات. ئامانجە سۆزدارییەكان بریتین لە زیادكردنی هۆشیاری و باشتركردنی هەڵوێست و هەستەكان، ئەم ئاستە بنەمایەكی گرنگ پێكدەهێنێت، چونكە بەبێ وەرگرتن هیچ فێربوونێك ناتوانێت ڕووبدات. ئەم ئاستە كار لەگەڵ یادگەو ناسینەوەدا دەكات و دەرفەتی پرۆسێسكردنی زانیارییەكان دەڕەخسێنێت.

بواری سێیەم بواری هەستیاری/ دەرونی جوڵەییە: كە بەشێكی گرنگی پۆلێنناسی Bloom پێكدەهێنێت. لەم بوارەدا ئامانجە دەرونی و جوڵەییەكان سەرنجی سەرەكی دەخەنەسەر گۆڕانكاری لە ڕەفتارو لێهاتوییەكان.

١/٢: كتێبی خوێندن و میتۆدۆلۆژیای فێربون

دیداكتیك میتۆدۆلۆژیای فێربونە و بریتییە لە تیۆرو كارەكیكردنی بەرجەستەبیانەی فێربون و فێركردن. كتێبی خوێندن دەبێت ناوەندێك بێت بۆ پێدانی كۆزانیاری و پێگەیاندنی تاكێكی تەواو و داهێنەر، چونكە فێرگە دەزگایەكی سەرەكی بەخشینی كۆزانیاریی و بەهاكانە بە تاك. قۆناغەكانی خوێندن بەندن بەیەكەوەو لێكداناپردرێن و پێكەوەبەستراون، بەمشێوەیەش خوێندن تەواوكەری یەكتر.

كتێبی خوێندن وەك سەرچاوەیەكی بنەڕەتی فێركردن، لە ڕێگەی كۆزانیاری و دەق و چیرۆكەوە، بناغەیەكی لێكۆڵینەوە دادەمەزرێنێت. سیستەمی پەروەردەیی و كەرەستەكانی خوێندن میتۆدۆلۆژین، كە پێكهاتەو ناوەڕۆكی پەروەردە پێكدەهێنن و لەسەر بنەمای تیۆری زانستی دادەڕێژرێن.

سەركەوتنی پرۆسەی پەروەردە لە دو ڕەهەند دەوەستێت ( فەقێ ئەمین، هەوار عومەر ٢٠٢٥:٢٢٨): یەكەم دارشتنی كتێبی پەروەردەیی بەپێی بنەمای زانستییەكان، دووەم شێوازی گونجاوی وتنەوەی وانەكان. هەردوكیان كاریگەرییەكی یەكلاكەرەوەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەكان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا پێویستە مامۆستا میتۆدێكی فرەڕەهەندی پەیڕەوبكات، كە ڕەچاوی جیاوازییە تاكەكەسییەكانی فێرخوازان دەكات. ئەم میتۆدە دەبێت چەندین ڕەگەزی سەرەكی لەخۆبگرێت كە بریتین لە: پەخشكردنی كەرەستەی دەنگی و ڤیدیۆ، خوێندنەوەی دەق و چیرۆكی پەروەردەیی، چالاكی گوێگرتن لەگەڵ گفتوگۆی چالاك، چالاكی دەربڕین و ئاڵوگۆری بیرورا، چالاكی نمایشكردن لە ڕێگەی دەرخستنی هێماكان و پیشاندانیان، چالاكی جەستەیی وەك جێبەجێكردنی ڕۆڵگێڕان.

لێرەوە دەبینین كە كتێبی خوێندن تەنها بەرپرسیاری گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵكو ئامرازێكی گرنگی پەروەردەییە، كە دەبێت بە شێوازێكی زانستی و چەندجۆرەیی داڕێژرێت بۆ ئەوەی پەرە بە هەمو لایەنەكانی گەشەكردنی فێرخواز بدات، لە دركپێكردن و زمانەوانی، تا كارلێكی كۆمەڵایەتی و چارەسەركردنی كێشە.

١-/١/١: پەروەردە لە ڕوانگەی زانستی نوێوە

پەروەردە لە ڕوانگەی زانستی نوێوە، دیاردەیەكی سیستماتیك، دینامیكی و بەردەوامە، كە لە گۆڕان و پەرەسەندندا دامەزراوە. ئەم پرۆسەیە تەنها خۆی لە چوارچێوەی گواستنەوەی

زانیاریدا قەتیسناکات، بەڵکو بایەخێکی تایبەت بە پەرەپێدانی کەسایەتی و گەشەپێدانی هزر دەدات. لەم بارەیەوە Bruner (١٩٦١) وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری پەروەردە، تێڕوانینێکی بنەڕەتی پێشکەشکردو ئاشکرایکرد، کە (فێرخواز بونەوەرێکی چالاک و داینامیکە، نەک تەنها وەرگرێکی زانیاری، کە زانیارییەکانی خۆیان بنیادەنێت، منداڵان لە هەر تەمەنێکدا توانای تێگەیشتنی زانیارییە ئاڵۆزەکانیان هەیە، بە مەرجێک بە شێوازێکی گونجاو پێشکەشبکرێن.)https://www.simplypsychology.org/simplypsychology.org-bruner.pdf

پەروەردە لە چوارچێوەی فراوانەکەیدا چەندین پرۆسەی جیاواز لەخۆدەگرێت: (فەقێ ئەمین، هەوار عومەر ٢٠٢٥: ١٢) فێربون، فێرکردن، وەرگرتن، ڕاهێنان و بەدەستهێنانەوەی کۆزانیاری. ئەم پرۆسانە لە ڕێگەی دو جۆر پەروەردەوە بەدیدێن: پەروەردەی فەرمی کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە پێشکەشدەکرێت و پەروەردەی نافەرمی کە لە ڕێگەی خێزان، کۆمەڵگا، ڕاگەیاندنەوە بەدیدێت. هەردوکیان بنەماو بناغەی پێکهێنانی پەروەردەیەکی دروستن.

فێربون

تیۆری درکپێکردن جەخت لەوە بکەوە کە فێرخواز چالاکییەکی دەرونیی، نەک تەنها وەرگرێکی بێئاگا. ئەمە بنەمای دەرونناسی پەروەردەیی مۆدێرنە.

پرۆگرام، پرۆگرامی خوێندن، داڕشتنی فێربون

جێبەجێکردنی تیۆرییەکان لە داڕشتنی پرۆگرامی خوێندندا.

سەرچاوە:

عبدالعزيز بن صلاح التميمى، المناهج (اسسها و عناصرها و تنضيماتها).
فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، ٢٠٢٢،
فەقێ ئەمین، هەوار عومەر ٢٠٢٥:٢٦)
. A. Ertmer & Timothy Newby ،Behaviorism ،Cognitivism ،Constructivism 2013 ، by
Performance Improvement Quarterly
developmentalcognitivescience.org
https://www.mheducation.ca/blog/richard-mayers-cognitive-theory of-multimedia-learning
-https://cft.vanderbilt.edu/guides -sub -pages/blooms-taxonomy
: https://citt.ufl.edu/resources/the-learning-process/designing the-learning-experience/blooms-taxonomy
Bloom's Taxonomy theory, levels, examples - tools hero
https://learning-theories.com/blooms-taxonomy-bloom.html,
https://cognota.com/blog/what-is-blooms-taxonomy
https://www.simplypsychology.org/simplypsychology.org-bruner.pdf

[1] Shri Nikunja Ranjan Dash, (2015: 14-15)